هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی کاروباری کارگێری ودارایی
بەرێوەبەرایەتی کارگێری

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

إقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة الشؤون الإدارية والمالية
مديرية الادارة

ژمـارە : ٢٧٣
No :

ڕێکەوت : ٤ / بەفرانبار / ٢٧١٤ ی کوردی
Date: ٢٠١٥ / ١ / ١٤

بۆ/ گشت وەزارەتەکان

بابەت/گشتاندن

هـاوپێچ وێنەیـەک لـە پـەیڕەوی (ناوەنـدی هاوبەشـی هەماهـەنگی قەیرانـەکان لـە هـەرێمی کوردستان) ژمارە (١) لە ساڵی (٢٠١٥) بۆتان دەنێرین بۆ جێ بە جێکردنی کاری پێویست بە پێ ی پەیوەندی.

*لەگەڵ ڕێزدا...*

نێچیرڤان احمد عبدالله
سـەرۆکـی دیـوان

وێنەیەک بۆ:

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/دیوان/لەگەڵ وێنەیەک لە نووسراوی سەرەوە و هاوپێچەکەی/بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزدا...
- پەرلەمانی کوردستان/ لەگەڵ وێنەیەک لە نووسراوی سەرەوە و هاوپێچەکەی/ بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزدا...
- نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران / لەگەڵ وێنەیەک لە نووسراوی سەرەوە و هاوپێچەکەی/ بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزدا...
- نووسینگەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ لەگەڵ وێنەیەک لە نووسراوی سەرەوە و هاوپێچەکەی/ بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزدا...
- ئەنجومەنی دادوەری/ لەگەڵ وێنەیەک لە نووسراوی سەرەوە و هاوپێچەکەی/ بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزدا...
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان/ لەگەڵ وێنەیەک لە نووسراوی سەرەوە و هاوپێچەکەی بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ ڕێزدا...
- پارێزگاکانی هەرێم(هەولێر،سلێمانی،دهۆک)/ لەگەڵ وێنەیەک لە نووسراوی سەرەوە و هاوپێچەکەی بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ ڕێزدا...
- نوێنەرایـەتی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لـە بەغـدا/ لەگـەڵ وێنەیـەک لـە نووسراوی سـەرەوە و هاوپێچـەکەی بـۆ هـەمان مەبەست لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت دەستە و فەرمانگە و دام و دەزگاکانی سەر بەم سەرۆکایەتیە/ لەگەڵ وێنەیـەک لـە نووسراوی سەرەوە و هاوپێچەکەی بۆ هـەمان مەبەست لەگەڵ ڕێزدا...
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران
- کارگێری.
- دۆسیەی گشتی.
- خولاو.

پاڵپشت بە تەحکامی برگەی سێیەم لە ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە ٣ ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە هەردوو برگەی (پێنجەم و حەوتەم) لە ماددەی دووەم و برگەی (یەکەم) لە ماددەی چوارەم لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ ساڵی ٢٠٠٩، وە ئاماژە بە بریاری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لە رۆژی ١ /٩/ ٢٠١٤ لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ، بریارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیرەوەی خوارەوە:

## پەیرەوی
## ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق
## ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٥

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیرەوە:**

١. **هەرێم:** هەرێمی کوردستان-عێراق
٢. **وەزیر:** وەزیری ناوخۆی هەرێم
٣. **ناوەند:** ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە هەرێم دامەزراو بە پێی ئەم پەیرەوە.
٤. **ئەنجومەن:** ئەنجومەنی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە هەرێم دامەزراو بە پێی ئەم پەیرەوە.
٥. **پەیرەو:** پەیرەوی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٥.
٦. **قەیران:** قەیران بریتیە لە رووداوێکی لە ناکاو کە ببێتە مایەی کارەسات و هۆکاری نەهامەتی و بەربەست لەبەردەم کۆمەڵگا یان ببێتە هۆی زیانی گیانی و ماددی و ئابوری و ژینگەیی بەربلاو و چارەسەرکردنی لە توانا و دەسەڵاتی دەنیشتوان یان کۆمەڵگای ناوچە زیان پێ گەیشتووەکە بەدەربێت.

**ماددەی دووەم:**

دامەزراندنی ناوەندێك بەناوی (ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق) لەناو پێکهاتەی وەزارەتی ناوخۆ، و ئەم ناوەندە ڕاستەخۆ دەبەسترێتەوە بەوەزیری ناوخۆ، و هەر ئەویش سەرپەرشتی کار و ئەرکەکانی دەکات.

**ماددەی سێیەم:** ناوەند هەڵدەستێت بە جێ بەجێ کردنی ئەم کارانەی خوارەوە:

١. ناوەندی تایبەتمەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بۆ وەڵامدانەوە و چارەسەرکردن و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان بە هەماهەنگی و هاوکاری دامەزراوە پەیوەندارەکانی حکومەت وکۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

٢. پێشکەشکردنی پشتگیری و هاوکاری بە تیمەکانی حکومەت وکۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ وەڵامدانەوە و چارەسەرکردنی قەیرانەکان کە لە هەرێمی کوردستان ڕوو دەدەن.

٣. بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی بەردەوام دەربارەی هەموو ئەو قەیران و ڕووداوە مرۆییانەی کە لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدن.

٤. کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاریەکان بۆ تێگەیشتن لە سروشتی قەیرانەکان.

٥. هەڵگرتن و پاراستنی زانیاری دەربارەی قەیرانەکان و نوێکردنەوەی زانیارییەکان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و داتای سەر بە ناوەندی هەماهەنگی بۆ داڕشتنی پلان و ستراتیجی هەرێمی.

٦. ئامادەکردنی پلانی هەرێمی بۆ وەڵامدانەوو چارەسەری ماوەکورت و درێژخایەن بۆ قەیرانەکان.

٧. هەماهەنگی کردن و ڕێکخستنی کاری هاوبەش لە نێوان دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دامەزراوە مەدەنیەکان و هێزەکانی ناوخۆ و سەربازی و دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵ بۆ وەڵامدانەوە و چارەسەرکردن و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان.

٨. پێدانی زانیاری پێویست و ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و پێشنیاری پێویست بۆ بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی هەرێم دەربارەی قەیرانەکان و هاوکاری کردنیان بۆ وەرگرتنی بڕیاری پێویست و خێرا بۆ وەڵامدانەوەو چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

٩. هەماهەنگی کردن بۆ یەکخستنی هەوڵەکان لەنێوان دامەزراوە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێم وکۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە مەبەستی وەڵامدانەوە و چارەسەری کاریگەر و کارا بۆ قەیرانەکان.

١٠. ناوەندێکی تایبەتمەندە بۆ پێدانی زانیاری پێویست بە بەرپرسە باڵاکان و دامەزراوە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێم و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەربارەی قەیرانەکان.

١١. سەرپەرشتی کردن و هەماهەنگی کردن لەگەڵ نووسینگەی وەڵامدانەوەی قەیرانی هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك و پێشکەش کردنی هاوکاری پێویست بەو تیمانە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان.

١٢. هەماهەنگی و هاوکاری کردنی تەواو لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و داتا سەبارەت بە قەیرانەکان.

**ماددەی چوارەم:**

ناوەند ئەنجومەنێکی دەبێت لە نوێنەری هەر یەك لەم وەزارەت و دامەزراوانەی خوارەوە کە پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، جگە لە نوێنەری پارێزگاکان ئەگەر ئەو پلەیان نەبێت، بۆ کارکردن و هەماهەنگی کردن لەگەڵ ناوەند بەمەبەستی وەڵامدانەوەو بەڕێوەبردنی قەیرانەکان:

١- وەزارەتی پلاندانان

٢- وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار

٣- وەزارەتی تەندروستی

٤- وەزارەتی دارایی و ئابوری

٥- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

٦- فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە

٧- پارێزگاکان

٨- دوو نوێنەری نووسینگەی هاوکاری مرۆیی سەربە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

**ماددەی پێنجەم:**

کۆبوونەوەی ئەنجومەن بە سەرپەرشتی وەزیری ناوخۆ دەبێت و هەر ئەویش دەسەڵاتی بانگهێشت کردنی نوێنەری هەر وەزارەت و دامەزراوەیەکی تری هەیە بۆ ئەو مەبەستە بەپێی پێویستی و سروشتی کاری ناوەند.

**ماددەی شەشەم:**

ئەنجومەن بە لای کەمی مانگی یەکجار کۆدەبێتەوە لە کاتی ئاساییدا لەسەر داوای وەزیر، و لە کاتی کارەسات و قەیراندا بە پێی پێویستی رووداوەکە کۆبوونەوە دەکات.

**ماددەی حەوتەم:**

**پێکهاتەی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان:**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی ناوەندەکە بەڕێوە دەبات و سەرپەرشتی کارەکانی ئەو ناوەندە دەکات کە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ بێت و شارەزایی و ئەزموونی کارکردنی هەبێت.

**ماددەی هەشتەم:**

ناوەند لە چوار بەڕێوەبەرایەتی پێکدێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**أ- بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن وئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و داتا:**

فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت و هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی کردن وبەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی بەردەوام دەربارەی هەموو قەیرانەکان و ڕەوشی مرۆیی و کۆکردنەوەی زانیاریی دەربارەی قەیرانەکان و ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان.

ئەم بەڕێوبەرایەتیە لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

١. بەشی بەدوادچوون و چاودێری قەیرانەکان.
٢. بەشی کۆکردنەوە و تازەکردنەوەی زانیاریەکان.
٣. بەشی ئای تی.
٤. بەشی هۆشیارکردنەوە و سەلامەتی.

**ب- بەڕێوەبەرایەتی وەڵامدانەوە و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان:**

فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت و هەڵدەستێت بەهەماهەنگی و هاوکاری کردن لە نێوان دامەزراوە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێم و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ ڕاپەراندن و جێ بەجێ کردنی پلان و ستراتیجی هاوبەشی دارێژراو بۆ وەڵامدانەوەو چارەسەرکردن و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان.

ئەم بەڕێوبەرایەتیە لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

١. بەشی هەڵسەنگاندن و شیکاری.
٢. بەشی پەیوەندی و هەماهەنگی.
٣. بەشی ئامادەکاری و وەڵامدانەوەی خێرا.
٤. بەشی ڕاپۆرت.
٥. بەشی پلاندانان.
٦. بەشی چاودێری جێبەجێکردن.

ج- بەڕێوەبەرایەتی کۆکردنەوەو جێگیرکردنی هاوکاری و کۆمەک:

فەرمانبەرێک بەڕێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت و سەرپەرشتی کۆکردنەوەو دەستبەرکردنی سەرچاوە داراییەکان دەکات بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانەکان و هەروەها چاودێری کردنی مسۆگەرکردنی هاوکارییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکان. هاوکات پێدانی زانیاری پێویست بە کۆمەک بەخشەکان و ڕێکخراوەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەم بەشانەی خوارەوە پێک دێت:

١- بەشی پەیوەندی و هەماهەنگی لە گەڵ لایەنە کۆمەکبەخشەکان.

٢- بەشی کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری.

٣- بەشی پاراستن و پێدانی زانیاری.

د- بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و دارایی:

فەرمانبەرێک بەڕێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت و هەڵدەستێت بە سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستنی کاروباری کارگێری و دارایی و خزمەتگوزاری.

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەم بەشانەی خوارەوە پێک دێت:

١. بەشی کارگێڕی.

٢. بەشی ژمێریاری.

٣. بەشی خزمەتگوزاری.

٤. بەشی سەرچاوە مرۆییەکان.

٥. بەشی مەشق و ڕاهێنان.

ماددەی نۆیەم:

نووسینگەی پارێزگاکان فەرمانبەرێکی پارێزگا بەڕێوەی دەبات کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت.

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
THE PRIME MINISTER

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆك وەزیران

ئەم نووسینگەیە لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

١- بەشی پەیوەندی و هەماهەنگی.

٢- بەشی بەڕێوەبردن و کۆکردنەوەی زانیاری.

٣- بەشی پلاندانان و ئامادەکاری.

٤- بەشی کۆگا و سەرچاوەکان.

٥- بەشی خۆبەشەکان.

٦- بەشی ئای تی.

**ماددەی دەیەم:**

وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان ئەم پەیڕەوە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بە جێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**